
# کوردە و ئازاد ... م. حەمید عەزیز



کوردە و ئازاد هەردووکیان خوشك و برابوون، ئازاد تەمەنی دەساڵ بوو، کوردەتەمەنی هەشت ساڵ، هەردوکیان لەیەك قوتابخانەبوون. بەڵام لەبەرئەوەی پشووی هاوین بوو، بێ تاقەت بوون. ڕۆژێکیان بەیەکەوەچوون بۆ دارستان، بەبێ ئەوەی بەدایکیان یان بەباوکیان بڵێن، چەند سەعاتێك لەوێ مانەوە، یاری و ڕاکردنیان دەکرد وچاوشارکێیان دەکرد، (خۆشاردنەوە)، حەزیان دەکرد ئاژەڵا ن ببینن، بەڵام لەهەندێ پەلەوەرو چۆلەکەزیاتر هیچی دیان نەبینی، چونکەهاوین بوو زۆربەی ئاژەڵەکان ڕەوویان کردبوو بۆکوێستان.

دایکی کوردەو ئازاد، ناوی باجی مەلیح بوو، زۆر نارەحەت بو بەوەی کەمناڵەکانی دیارنین، نەی ئەزانی کوێ بگەڕێ بەدوواياندا، هەرمنداڵێکی دەبینی هەواڵی کچ و کوڕەکەی دەپرسی، بەڵام بێ سوود بو.

کات بەرەو درەنگ دەچوو دایکیشیان هەرلەبەردەرگا چاوەڕوان بوو. دراوسێکان هەموو بەباجی مەلیحیان دەوت برۆ بۆ دارستانەکە، بەشکم لەوێ بیاندۆزیتەوەچونکەمناڵ زۆرئەچن بۆ ئەوێ، دارستانەکەش بەرەوکشوماتی ئەڕۆیشت،

کوردەهەستی بەهیلاك بوون دەکرد، بەئازادی ووت (با برۆین درەنگەنەوەك وسەگ یان گورگ بێت بۆمان) ئازاد وەڵامی کوردەی نەدایەوە، چاوەڕێ بوو کەچۆلەکەیەك بێت و دارلاسیکێکی تێگرێ، بەڵام کوردەوردەنانی زۆری هێنابوو دابووی بەچۆلەکەکان وگۆرانیشی بۆ وتبوون.

باجی مەلیح لەناو دارستانەکەزۆرگەڕابەدووایاندا هیلاك بوو کات بەرەودرەنگ ئەچوو بەڵام لەئەنجامدا ووردەووردەگوێی لەغەڵبەغەڵب بوو هێدی، هێدی بەرەو دەنگەکەڕۆی گوێی لەدەنگی کوردەبووزیاترنزیك بووەوەلەدەنگەکەگوێی لێ بوو دەیووت (ئازاد نابێ چۆلەکەبکوژی، گوناحەئەو چۆلەکانەهاوڕێی ئێمەن) ئازاد گوێی بەقسەکانی نەئەداو هەربەردی ئەگرتەچۆلەکەکان، دایکی زۆر دڵ خۆش بوو بەوەی کەکچەبچکۆلەکەی زۆر ژیرە، چووەپێشێ ودەستی کردەملی و

چاوی پڕبو لەفرمێسك، کوردەش قایم باوەشی کرد بەدایکیا. دایکیان بڕیاریدا کەتوڕەنەبێت لێیان بەڵام بەشەرتی ئەوەی کەچوون بۆ هەرشوێنێك پێی بڵێن و ئازادیش چۆلەکەئازار نەدات، ئازادیش بەڵێنی دا کەئیتر هەرگیز ئازاری چۆلەکەکان نەدات و بەقسەی دایکی بکات، دایکیان دەستی کردەملی هەردوکیان و بەخۆشی و پێکەنینەوە بەرەوماڵەوە گەڕانەوە.

2005-11-15 Hamid773@hotmail. com